www.kurdistannet.org
24-12-2005 22:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زنجیرە ئەڵقەی هەڵبژاردن ... ئەڵقەی چوارەم... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. Com



خوالێی خۆشبێت (هەروەك ئیسلامیەكان حەزدەكەن وابڵێین) ( (مشیر احمد یونس) ) ئەندامی قیادی یەكگرتووی ئیسلامی و پاڵێوراوی یەكەمی 561 بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای دهۆك، لە ئەنجامی شەڕێكی نێوان كۆمەڵێك گەنجی خوێنگەرمی دهۆك و بارەگای ئەو حزبە بووە یەكەم قوربانی هەڵبژاردن.
( (یەكگرتووش مەعسووم نییە لە هەڵە) ) ئەوە قسەی سەلاحەدین بەهائەدین بوو، لە كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی دوای ڕووداوەكەی دهۆك، لە ئەنجامی ئەوە هات كە دیارە برادەرانی خۆشیان هەڵە بوونە.
لە كوردستان كە دڵمان بەوە خۆشە كە پەراوێزێكی دیموكراسی لێ بەدی دەكرێت، هەق نییە ڕووداوی لەو جۆرە ڕووبدات بەڵام كە ڕوویشیدا ئومێد دەكەین ئەوەیان ئاخرەمین بێت.
هەرچەندە گەنجەكانی دەڤەری بادینان نەدەبووایە وابكەن، بەڵام دەشكرا یەكگرتووش یاری بە دەماریان نەكات و لە ڕیكلامەكانی بۆ هەڵبژاردن تووشی هەڵچوونیان نەكات، ئاخر كوڕە شەهیدێك كە باوكی لە پێناوی كورد و كوردستان شەهید بووبێت تۆ بێی و بە كافری ناوزەد بكەی حەتمەن دەبێت چاوەڕێ بكەی گوڕزێكت لێبوەشێنێت.
ئەگەر سەرۆكی كوردستان و حكومەت تەداخولیان نەكردایە دوور نەبوو زۆربەی بارەگاكانیان تووشی سووتان و وێرانكاری بهاتبان، یەكگرتوو قەت پێشبینی ئەوەی نەدەكرد ئەوها بەر نەعرەتەی میللەت دەكەوێت، بۆیە بۆ خۆ بەدوور گرتن لە ڕووداوی لەم جۆرە بڕیاریاندا ئەو چوارکورسییەی قەرارە لە پەرلەمانی عێراق وەدەستی بێنن، بیبەنەوە نێو كورسیەكانی 730.
دەنگدانی هێژا نێچیرڤان بارزانی و خانمەكەی لە بنكەی هەڵۆ (كە یەكەم بنكەی هەڵبژاردنە لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ڕووی پۆلین كردنەوە بە ژمارەی 201001) سیگناڵێكی ڕوونە بە نزیك بوونەوەی لە جەماوەر بە گشتی و خەڵكی هەولێر بەتایبەتی، دەنا كە جەنابیان دانیشتووی سەری بڵندن نزیكترین بنكەی هەڵبژاردن لێیەوە ئەوەی پیرمام بوو.
هاتنی خانمی سەرۆكی حكومەت و دەنگدانی لەو ڕۆژە و دەركەوتنی لەبەرامبەر میدیاكانی ڕاگەیاندن، پووچەڵ بوونەوەی گشت ئەو پڕوپاگەندانەیە كە بانگەشەی دواكەوتوویی بنەماڵەی بارزانی دەكەن بۆ مافی ئافرەت.
لە هەولێر هەڵبژاردن كەرنەڤاڵێكی گەورە بوو بۆ خۆی، زۆرترین كەس تێیدا بەشداربوو، بەبەراورد كردن لەگەڵ پارێزگاكانی تری عێراق زۆرترین دەنگدەری تۆماركردووە، ئەوانەی كە ڕۆڵی سەرەكیان هەبوو لە بەجۆشدانی خەڵك زۆربوون، وەلی هەندێك مێژوویان بۆ خۆیان تۆماركرد لەم گرەوەی ئەمجارە، بۆ ناوهێنانیان ئەڵقەی ترمان گەرەكە.
بەشەكان: 1 – 2 – 3